نووسینی د . زاهیر سوران
11 ی ئەیلولی 2004 .

# ئاگرە
## (Impetigo)

ناسراوترین پێستە سۆی درمییە لە نێو منداڵدا زۆر بڵاوە و زۆر بە ئاسانی چارەسەردەکرێت . بۆ یەکەمجار لەساڵی 1860 دا لە لایەن Dunn و Fox باسی لێوەکراوە .

### هۆزانی

هۆی برینەکانی سەر پێست دەگەڕێتەوە بۆ بەکتریای ستریپتۆکۆکەس ی جۆری بێتا هێمۆلیتیکی A ن . هەندێکجاری دی بەکتریای ستافیلۆکۆکەسی ئاوریۆس دەبێتە هۆی برینەکان .

### ڕێگاکانی گواستنەوە

– ڕاستەوخۆ, کاتێك مرۆ پەیوەندی لە گەڵ برینەکەدا دەبێت بە مەرجێ شلەی نێو برینەکە بەر شوێنێکی لەشی مرۆ بکەوێت .
– ناڕاستەوخۆ, لە ڕێگای بەکارهێنانی کەلوپەلی یاریکردنی مناڵەوە دەبێت .

### نیشانەکان

ئەوەی شایانی باسە نەخۆشییەکە زیاتر تووشی منداڵی باخچەی ساوایان و قوناخی سەرەتایی دەبێت . هەندێکجار منداڵی نەخۆش دایکوباوك و خوشکوبراکانی تووش دەکات . سەرەتا لەسەر پێست منداڵ چەند پەڵەیەکی وردی سور دەردەکەوێت و پاشتر بلۆق دروست دەبن کە شلەیەکی تیادایەو بە پەردەیەکی زۆر تەنکی ناسك داپۆشراوە .
برینەکان (وەك لە مێکوتەدا کەمترن) تەنیا لەسەر پێست بڵاودەبنەوە و مەیلەو زەردن بە تایبەتی لەملاولای کونە لووتەکان و لێوەکان و لاغاوەدا دەبینرێت . جاری وا هەیە لەسەر نەرمە ماسولکەی باسك (وێنە) وسك و ڕان و سمت دەردەکەوێت تیرەکەیان نزیکەی 2 سم دەبێت.

### ڕێڕۆی برینەکان

لە ڕاستییدا برینەکان زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت جاری وا هەیە برینەکە بە ئاو و سابون دەشۆردرێت وبە دەرمانی پاکژکردنەوە برینەکان چاکدەبنەوە , هەندێ جاری دی پەنسیلین زۆر بەکارە . ئەم جۆرە برینانە بە هیچ جۆرێك شوێنەوار پاش خۆی بەجێناهێڵێت .

### چارەسەرکردن

هەمیشە لەژێرکاری ئەم دەرمانانەدا: کلیندامایسین , V Flukloxacillin=Cefamox,Pencillin , ئێریترۆمایسین و تێتراسایکلیندا سارێژ دەبن . گەر پاکوخاوێنی فەرامۆش بکرێت ئەوا زۆر مەترسی هەڵدانەی برینەکان دەکرێت .




(Impetigo–دوو وێنەی ئاگرە)

(بێڕەزامەندی د . زاهیر سوران کەس بۆی نییە ئەم وێنانە بەکار بهێنێت)


### سەرچاوەکان

1– د. زاهیر سوران , نەخۆشییە درمەکان , سۆ سترێپتۆکەکان , بەشی دووەم, چاپی یەکەم , سلێمانی –کوردستان , 2004 .

References
1.Alan Bisno., Streptoccocal Infections., In: Harrisons Principles of Internal Medicine, 12th eds 1991; 101: 563-69.
2.Leo Flamholc, Exantemsjukdomar, infektionkliniken, Malmö, Wellcome, 1994.
3.Iwarson-Norrby, infektionsmedicin, epidemiologi, klinik och terapi, Sverige 1995.
4.Donald Armstrong, Jonathan Cohen, infectious Diseases, vol. 1. Mosby 1999.
5.Jan Rollof, Jonas Blackberg, Bakterier, virus, parasiter en klinisk handledning, Studentlitteratur, Sweden, 1994, 105-111